فەرهەنگی

دەروونزانی

ئامادەکردنی

حەیدەر هەمەوەند





Preview sample - page 1 of 4 - Soran University Academic Digital Library

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: فەرهەنگی دەروونزانی

نووسینی: حەیدەر هەمەوەند

نەخشەسازیی : هونەر عوسمان

قەبارە : (١٤*٢١)، ٣٩٠ لاپەڕە

نۆبە و ساڵی چاپ: چاپی یەکەم/ ٢٠١٩

شوێنی چاپ : ناوەندی سارا _ سلێمانی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ : ٧٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردن ( )ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە

ناوەندی سارا

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

سلێمانی_بازاڕی ناوباریک

٠٧٥١ ٥٣٨ ٣٥٠٥

SARA CENTER

Bookshop printing cafe

فەرهەنگی دەروونزانی

Preview sample - page 2 of 4 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

خوێنەری بەڕێز، ئەم فەرهەنگەی کە لەبەر دەستتدایە ژمارەیەکی زۆر چەمکی گرینگی لەخۆگرتووە لە بواری دەروونزانیدا. بۆ نووسینی ئەم فەرهەنگە سوود لە چەندین سەرچاوەی هاوچەرخ و متمانەپێکراو وەرگیراوە بەزمانەکانی سویدی و ئینگلیزی . هەروەها هاوسەری بەڕێزم ڤیکتۆریا کە بەنەژاد روسییە و بڕوانامەی هەیە لە دەروونزانی بەشێکی زۆری چەمکەکانی لەگەڵ پێناسە رووسیەکان بەراوورد کردووە بۆ دڵنیایی زیاتر .

مەبەست لە نووسینی ئەم فەرهەنگە خزمەتکردنە بە زمانی کوردی و گەیاندنی ناوەرۆکی زانستی چەمکەکانە بەو کەسانەی کە وەکو ئارەزوو حەز بە زانستی دەروونزانی دەکەن یان ئەو کەسانەی کە خەریکی خوێندنن لەم بوارەدا .

نیازی ئەو کەسانەش لەبەرچاو گیراوە کە دەیانەوێت زیاتر قوول ببنەوە لە زانستی دەروونزانیدا و کتێب یان ووتاری ئینگلیزی بخوێننەوە بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە وشە و چەمکەکان بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی نووسراون بەڵام بۆ تێگەیشتنێکی ئاسانتر وا باشترە کە لە سەرەتادا تەنیا پێناسە کوردیەکە بخوێندرێتەوە و بەسەر وشە ئینگلیزیەکەدا بازبدرێت .

بۆ ئاگاداری ئەو خوێنەرانەی کە ئینگلیزیش دەزانن هەندێک جار لە وشە ئینگلیزیەکەی بەرامبەر کوردیەکە سوود لە وشەی هاوواتا Synonym Words وەرگیراوە چونکە هەندێک وشە فرەواتان Multiple Meaning Words و هەندێک وشەی دیکە دەبن بە هاوواتایان جگە لەمە لە هەندێک حاڵەتدا ناو و ئاوەڵناو بەگوێرەی

Preview sample - page 3 of 4 - Soran University Academic Digital Library

دەربڕینە کوردیەکە رەچاوکراوە و مەرج نییە هەمان حالەتی ئینگلیزی هەبێت .

من وەکو نووسەری ئەم فەرهەنگە هەموو توانای خۆم بەکارهێناوە کە ناوەڕۆکی چەمکەکان بە ئاسانی پێناسە بکەم بێ ئەوەی لە بەها زانستیەکانیان کەم ببێتەوە ئەگەرچی هەندێک جار چەندین پێناسەی جیاوازی ئینگلیزی بۆ هەمان چەمک لەبەردەستدان بەڵام لە داڕشتنەوەی چەمکەکان شێوازی دەربڕینی کوردانە و ڕێزمانی کوردی رەچاوکراوە کە مایەی تێگەشتن بن .

لە کۆتاییدا هیوادارم کە ئەم فەرهەنگە بتوانێت کەلێنێکی گەورە پڕبکاتەوە لە کتێبخانەی کوردی کە بەداخەوە زمانی کوردی لەم جۆرە بەرهەمە زۆر بێبەشە . دیارە کە زانست بێ سنوورە و ئێمەی کوردیش پێویستە لەمە زیاتر لە کاروانی زانست دوانەکەوین و بە هەوڵی بنیاتنەرانەی هەموو لایەکمان سەرنج و تێبینیەکان بۆ پێشخستنی زیاتری ئەم فەرهەنگە بخەینەگەڕ و لە چاپەکانی داهاتوودا لەبەرچاو بگیرێن .

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم.

حەیدەر هەمەوەند

ستۆکهۆڵم / سوید

٢٠١٧/٥/٤

Preview sample - page 4 of 4 - Soran University Academic Digital Library